# ئوردن پرە لە سەدام

**تامان شاکر**

**لەهاوینی ئەم ساڵدا بەهۆی نەخۆشی براکەمەوە، کە چارەسەری لەنەخۆشخانەکانی سەدەی ناوەڕاستی پایەتەختی کوردستاندا نەبوو، پزیشکە بەناوپسپۆڕەکانی هەولێریش نەیانتوانی نەخۆشیەکەی دەستنیشان بکەن، تا چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، بۆیە ناچار بووم دووجار سەفەری شانشینی ئوردن بکەم.**

**ئەو ولاًتەی کە پێکهاتەیەکە لەئوردنی و فەلەستینی.**

**ئەوەی یەکەم جار چاوی بە پایتەختی ئەم ولاًتە بکەوێت تووشی سەرسامی دەبێت لەجوانی و پاکی ژینگەکەی، سەرەڕای ئەوەش خانووەکانی عەمانی پایتەخت هەمووی بە بەردی سپی دروستکراوە، بەلاًم بەقەد سپیەتی ئەو شارە من دڵی رەشم بینی بەرامبەر بە کورد.**

**بە تایبەتی لەو کاتەشدا کە سەددام و دارو دەستەکەی بە تاوانی ئەنفال و کیمیا بارانی خەڵکی کوردستان دادگایی دەکرێن وهاوکات سەرۆکی کوردستانیش ئەوەی رەتکردەوە کە ئالاًی بەعس لە ناوچەکانی کوردستان هەڵبدرێت، ئەو هۆکارانە وای لە شەقامی عەرەبی کردووە کە رقی خۆیان بە رامبەر بەکورد نەشارنەوەو بەوپەری بێشەرمییەوە هەستە شۆڤینییەکانی خۆیان دەربڕن.**

**لە ماوەی مانەوەم لە عەممان رۆژانە روو بەڕووی ئەو کێشانە دەبوومەوە.**

**وەک چۆن لە ئەوروپا زۆرینەی شۆفێری تاکسیەکان بیانین لە ئوردنیش زۆرینەی شۆفێرەکان فەلەستینین، بۆیە بەلامەوە سەیر نەبوو شۆفێرێکی تاکسی بڵێ سەدام پاڵەوانی نەتەوەی عەرەبەو وێنەی دەسگیرکردنەکەی کورد و ئەمریکی دروستیان کردووە، بۆ ئەوەی کەسایەتی بە بەرچاوی ئێمەوە بشکێنن، یەکێکی تریان دەیوت ( ئێوە دەوڵەتی کوردستانتان دروست کردووەو ئالاًی خۆتان هەڵداوەو خەریکی دەرهێنانی نەوتن، پەرلەمان و حکومەتتان هەیە و جەلال تاڵەبانیشتان کردوتە سەرۆکی عێراق ئێمەی عەرەب قبوڵمان نییە)، جا دەبێت سیاسەتوانێکی عەرەب چۆن بیربکاتەوەو چۆن هەڵویست وەرگرێت بەرامبەر بە کورد. هەرچەندە بەم دواییە دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە شۆفیری تاکسیەکان بیانی و کورد دەدەنە دەستی تیرۆریستان.**

**ئوردونییەکان زۆرینەیان هەژارن بەتایبەتی دوای رووخانی رژێمی سەدام نرخی هەموو شتێك لەم ولاًتەدا بەرز بۆتەوە، بەتایبەتی نەوت و بەنزین کە سەدام کاتی خۆی بە بەلاش پێی دەدان، ئێستاش خۆزگەی گەڕانەوەی سەدام دەخوازن.**

**خەڵکی ئوردن زۆرینەیان خوێندەوارن وبەشی هەرە زۆریشیان بە زمانی ئینگلیزی باش دەپەیڤن هەرچەندە خوێندن بە پارەیە لەم ولاًتە، بەلاًم ئەوان خوێندەوارو هەژارێکی بە ئاگان لەجیهان و دەوروبەریان، رۆژانە گوێ لە تیڤی و رادیۆکان دەگرن، بە دەگمەن کەسانێکم بینی کە رۆژنامە نەخوێنێتەوە، باس لە سیاسەت نەکات.**

**هەرکە بتوتایە من کوردم یەکسەر دەیان پرسی تۆ لەکام بەرەی بارزانی یان تاڵەبانی، رقی هەرە زۆریشان لە سەرۆکی کوردستان و ئالاًو نەخشەی کوردستان بوو.**

ئەگەر بەدەستیان بوایە بەو ملوانکەی ملم کە ئالاُو نەخشەی کوردستان بوو دەیانخنکاندم و دەیان وت ئێوە خەون دەبینن بە کوردستانی گەورە. منیش دەمووت باشە ئێمە ماف خەو بینینمان نییە ؟ ئێستاش لە بازاڕەکانی خۆیان وێنە و میدالیای سەدام دەفرۆشن و پاکانەی بۆ دەکەن و کورد و ئەمەریکا بە تاوانبار دادەنێن بەرامبەر بە سەدام,
دکتۆرێك کە خاوەنی پیشەیەکی مرۆڤانەیە دەیووت سەدام کیمیایی لە هەڵەبجە نەداوە بەڵکو ئەوە رژێمی ئێرانە ئێوەی کیمیاباران کردووە و تۆمەت دەخەنە پاڵ سەدام. ئەو ئەنفالیشی بەرەوا دەزانی دەیووت کورد دژایەتی نەتەوەی عەرەبی کردووە، لەو کاتەی کە نەتەوەی عەرەب لە ژێر مەترسیدا بووەو لەشەڕدا بووە لەگەڵ رژێمی ئێران. ئەوە بیرکردنەوەی عەرەب و عەقلی شۆڤینیەتی عەرەبە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد.
سەرکردایەتی کورد و خەڵکی کوردستانیش تا ئەوڕۆی لەگەڵدا بێت ئەوپەڕی میهرەبانی بەرامبەر بە عەرەب دەنوێنن و هەردەم باسی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی دەکەن کە دەبوایە ئەوان بیان کردایە، کورد لە مێژووی خۆیدا هێرشی نەکردۆتە سەر کەس، بەڵکو ئەوە هەرکورد بووە هێرشی کراوەتە سەرو خاکی داگیر کراوە، کەسایەتی تێکشکێنراوەو هەمیشە لە حالەتی شکست و هەڵسانەوەدا ژیاوە، ئەوەش کاری کردۆتە سەر تاك بە تاکی کۆمەڵگەی کوردی و تووشی کۆمەڵێك گرێ کوێرەی دەروونی کردووەوخەڵکی کوردستان، ئەمڕۆ کورد حوکمیان دەکات، خۆیان دەنگیان داوە بە لیستی 730، بەلاُم بۆ ئەوە نەبوو جارێکی تر پێکەوە ژیان لەگەڵ عەرەب بگوزەرێنن و کلیلی ژیانیان لە دەست کەسانی وەك جەعفەری و مالیکی دابێت. خەڵکی کوردستان چاوەڕێی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بڕیارێکی بوێرانەیان دەکرد لە سەرکردایەتی سیاسی کورد، بۆ ئەوەی لە چوار چێوەی دەوڵەتێکی یاساییدا کە ماف و ئەرکی هاوولاُتیان دەستەبەر بکات خەڵك ناچار نەبێت بۆ چارەسەری نەخۆشی سەر بە ماڵی دوژمندا بکات،
زانکۆکانی کوردستان سالاُنە تەنها فەرمانبەر بەرهەم دێنن و پزیشکی ناشارەزاو قبول خاس کە نەزانانن چارەسەری ئازارەکانی هاولاُتیانی خۆیان بکەن.
لە کوردستان کێشەی زۆرمان هەیە ، پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە ئاست داخوازی و قوربانییەکانی ئێمەدا نین ئەوسیستەمی ژیانەی ئەمڕۆ کوردستان پیادەی دەکات سیستەمێکی هەڵەیە کە وای لە تاکی کورد کردووە مەسەلەی نەتەوایەتی بەلایەوە گرنگ و سەرنج راکێش نەبێت ، لەشەستەکانی سەدەی رابردوو خەڵکانێکی زۆر چەکی پێشمەرگایەتیان دەکردە شان، ئەمڕۆ خوانەخواستە ئەگەر شەڕێك ببێت، لەو بڕوایەدا نیم خەڵکانێك هەبن بۆ بەرگری لەم کوردستانە بەو هەستەی جارانەوە شەر بکەن ، زۆرینەی حیزبیەکان و پێشمەرگەی ئەمڕۆ پێشمەرگەی دۆلارن ، بە نەمانی دۆلار ئەوانیش نامێنن.
نایەکسانی کۆمەلاُیەتی و گەندەڵی باڵی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا کێشاوە. لە لایەکی ترەوە بوونی رێژەیەکی زۆر لە کەسانی نابەرپرسیار لە شوێنە هەستیارەکاندا و بوونی رێژەیەکی زۆر لە جاش و کۆنە بەعسی و ئەنفالچی لە ناو دام دەزگاکانی حکومەت وایکردووە کە خەڵك رقێك بەرامبەر دەسەلاُتی کوردی پەیدا بکەن و مەسەلە چارەنووس سازەکان بە هەند وەرنەگرن. زۆرن ئەوانەی دەڵێن جا ببین بە دەوڵەت یان نا بە ئێمە چی، حکومەتی کوردستان ئێستامووچەی تایبەتی بۆ ئەو عەرەبانە بڕیوەتەوە کە روو لە کوردستان دەکەن بە بری 150 هەزار دیناری چاپی بریمەر، کەچی هاولاتیانی کوردی بەشەکانی تری کوردستان دەبیت خۆیان بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن، زۆر فەرمانبەریش کە رۆژانە 7 کاتژمێر کار

دەکات هەر ئەوەندە وەردەگریَ، دەسەلاَتی کوردی دەیەویَ وینەیەکی جوان پیشانی عەرەب بدات بەلاَم ئەوان ئێمە هەر بە دوژمن و جوداخواز دەبینن. بۆیە  خەڵکی کوردستان تووشی نا ئومێدیەك بوون بەرامبەر بە دەسەلاَت و هەرکەسێك کە توانای هەبێت بە تایبەتی گەنجان کە دوارۆژی ئەم ولاَتە بەوانەوە بەندە بەرەو هەندەرەان دەرۆن ، هیچ شتێك بەو ولاَتەوە گرێیان نادات، بۆیەش بڕیارەکەی سەرۆکی کوردستان رەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو لە کوردستان کەچی جیهانی عەرەبی هەژاندو نەك تەنها مالیکی، بەڵکو ئەگەر عەرەبی ئێراق لەو مەینەتە  دەرچن کە بەرۆکی گرتوون  هەموویان دەبن بە سەدامێکی تر، هەولَی یەکەمیشان ئەوەدەبێت کورد بەدەستی  کورد بکوژن جاش دروست بکەنەوە و لە وانەشە حیزبێك بۆ جاشە کوردەکان دروست بکەن بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی هەبێت با چەپی کوردیش بۆ خۆیان هەر دژایەتی ناسیۆنالیزمی کورد بکەن خۆیان بخەڵەتێنن، دژ بە گەڕانەوەی عەرەبەکانی کەرکوك بن دژ بە هەڵکردنی ئالاَی کوردستان بن لەشاری کەرکوك، ئەو چەپانە وەك کرمێك وان لە جەستەی کوردا ئەوەندەی دژایەتی مەسەلەی کورد دەکەن ئەوەندە دژایەتی شۆڤینیزمی عەرەب ناکەن .

 شەقامی کوردیش وەك بەرامبەر هەموو کێشەکان ساردو سڕەو دەماری مردووە، بەرامبەر بەم هەڵویستەی سەرۆکی کوردستان تەزوویەکی گەرمی بە لەشدا نەهاتوو، نەڕژانە سەر شەقامەکان بۆ پشتگیری ئەو بڕیارەی سەرۆکی کوردستان  ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باری ئابووری و کۆمەلاَیەتیە سەختەی خەڵکی کوردستان و رووخانی ژێرخانی ئابووری  و لاوازی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد.
 نەخۆشیەکی دەرونیش لای تاکی کورد هەیە کە نەیتوانیوە واز لە نەخۆشی هۆز بێنێت و خاوەنی یەك سەرکردایەتی سیاسی بێت هەموو لە دەوری ئەو سەرکردایەتیە کۆ ببنەوە، بۆیە هەڵوێستەکەی سەرۆکی کوردستان تەنها بووە هەوێنی چەند وتارێك لە روپەلی رۆژنامەکان . بۆیە عەرەبێکی ئوردنی و فەلەستینی بەرگری لە خاکی عێراق دەکات، کەچی کوردێکی کوردستانی تەقەی سەری دێت.